# بۆ شوورا کرێکارییەکان

**بژار**
**مارسی** 1991

**هەتاوە مەزنەکەی هەڵاتووی گلێنە**
**تاریکی داگرە**
**بۆ ئەمڕۆ لە تیشکت بە لافاو بڕژێنە**
**دەمێکە ئەبینم تووڕەییت ئاگرە**
**ئاگر بە ! با ستەم**
**ببێتە ئەستێرەی کوژاوە**
**ئاگر بە ! با ئیتر**
**وەك ڕێژنەی بروسکە بڕژێتە دونیاوە**
**هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ**
**تیژڕەوە ... وەك هەڵۆ**
**شاڵاوی بورکانیت**
**ڕژێمی بۆرژوای خستوەتە شەکوشۆ**
**هەڵسانە و مەهێڵە**
**بۆرژوا بەرگی تر کاتە بەر**
**پڕ بە دەم هاوار کە :**
**کۆمۆنەی ( پاریس ) ین**
**لە عێراق دێینە دەر**

* * *

**دارستان لە ئاستی**
**شاڵاوی سووری تۆ ... نە چرە و نە زەبەنگ**
**کام شەپۆل گەورەیە لە کاتی جولآنتا**
**نایەوێ دەرکەوێ , نە بە ڕوو نە بە دەنگ**
**دەرکەوە ئەی هێزی شۆڕشی ئۆکتۆبەر**
**دەرکەوە ئازادی هەر بە تۆ دێتە بەر**
**دەرکەوە ! سامانی دوای تۆف و کڕێوەی**
**دەرکەوە ! ئەزانم دەمێکە بەڕێوەی**
**دەرکەوە .. وەك ئەوەی**
**شۆڕشت بلێسەی سەندبێ**
**دەرکەوە . . وەك ئەوەی**
**حوکمەتی شوراییت**

سەراسەر وولاّتی عێڕاقی گرتبێ ! .

*     *     *

هەوری سوور ببارێ
وا کۆمەڵ چاوەڕێی بارانی پشکۆیە
ئەی شورای کلّپەسێن !
ڕا پەڕە شۆڕشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەربڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پرشنگە و بە لێشاو تاریکی سەر ئەبڕێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەوزوون دێننەوە
بەهاری ڕۆیشتوو
جریوە ئاسایی بۆ دڵمان دێننەوە
ئەی شورای کرێکار , هەوری سوور , کلپەسێن !
نەهێڵن بۆ ڕێگای بۆرژوا لابدرێن
ڕۆژێکە و هاتووە ! دەسەلاّت وەرگرە
ئەزموونە و زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە !

*     *     *